دەروونزانی منداڵ

Child Psychology



بەشی سێیەم:

گەشەی هۆشی منداڵ

مامۆستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا

araz.radha@su.edu.krd

Cognitive development گەشەی هۆشی منداڵ

- توانا جەستەییەکان بەردەوام دەبن لە گەشەکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای بیرکردنەوەی منداڵ لە (2) دوو ساڵی یەکەم چۆنە؟
- زانای بەناوبانگی سویسری (ژان پیاژێ Jean Piaget) زیاتر لە پەنجا ساڵی تەمەنی خۆی بۆ دۆزینەوەی توانای بیرکردنەوە بەپێی قۆناغەکانی گەشە تەرخانکردن.
- (ژان پیاژێ) سەرەتای کارەکانی لە تێبینیکردنێکی ئاساییەوە دەستی پێکرد، ئەو تێبینی کردبوو کە بەردەوام منداڵانی یەك تەمەن هەمان کردەوەی یەکتر ئەنجام دەدەن و هەمان هەڵە دەکەن.
- لە توێژینەوەکانیدا (تێبینیکردنی) بەکارهێنا، هەموو زانیاریە تێبینیکراوەکانی دەنووسی، وە تێبینیکراوەکان (بەشداربووەکان) منداڵەکانی خۆی بوون.

○ (پیاژێ) لەو بڕوایەدایە کە گەشەکردنی عەقڵی منداڵ بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، هەریەک لەو قۆناغانەش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە قۆناغەکانی تری جیادەکاتەوە، بەڵام قۆناغی یەکەم دەبێت بە بناغە بۆ قۆناغی دووەم و دووەمیش بۆ قۆناغی سێییەم و سێیەمیش دەبێت بەبناغە بۆ قۆناغی چوارەم.

○ بەبڕوای (پیاژێ) هەموو منداڵانی دونیا بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕن و هیچ منداڵێکیش ناتوانێت بگاتە قۆناغی دواتر تا بە قۆناغی پێش خۆیدا تێنەپەڕێت. بەڵام لە توانای ژینگەی ماددی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە جیاوازی لە نێوان ئەو ساڵانەدا بکات کە پیاژێ بۆ قۆناغەکانی دیاری کردووە.

○ لەلایەکی تیشەوە ڕزگاربوون لە قۆناغێک و چوونە ناو قۆناغێکی ترەوە لە نێوان شەو و ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا ڕوونادات.

○ بەبڕوای پیاژێ مرۆڤ لەلایەنی عەقڵییەوە بە (4) قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت.

یەکەم: قۆناغی گەشەی هەستی – جووڵەیی Sensorimotor development (0 بۆ 2 ساڵی):

- منداڵ لەو قۆناغەدا زانیاری لە ڕێگای هەستی (Sense) بەتایبەتی (دەست و پەنجە و چاوەکانی) بەدەست دێنێ، وە کرداری هەستیش ئەنجام دەدات (Motor).
- قۆناغی گەشەی هەست لای (پیاژێ) پێك دێت لە 6 قۆناغی لاوەکی:

1. چالاکیە کاردانەوە جەستەییەکان (پەرچە کردارەکان) Reflex Activity (0 تا 1 مانگی):

○ (پیاژێ) لەو باوڕەدایە کە لە مانگی یەکەمدا منداڵ بە شێوەیەکی سەرەکی تەنها توانای ئەنجامدانی کردەوە جەستەییەکانی هەیە (بردنی بەتانی یان یاری منداڵان بۆ زاری خۆی)، بەڵام ئەم جۆرە لە رەفتارانە بەبێ بیرکردنەوە و خۆنەویستانە منداڵەکە ئەنجامیان دەدات.

2. کاردانەوە بازنەییە سەرەکیەکان Primary Circular Reactions (1 بۆ 4 مانگی):

○ بۆ یەکەم جار منداڵ لە نێوان تەمەنی (1 بۆ 4) مانگی **(پلانەکان Schemas) فێردەبێ کە یارمەتی منداڵ و کۆپەلە دەدات بۆ رێکخستنی زانیاری رابردوو و داهاتوو،** بۆ نموونە کاتێك منداڵ پەنجەی خۆی دەمژێ یان دەنگە دەنگ دەکات، ئەوا ئەو رەفتارە دووبارە دەکاتەوە (ئەو رەفتارانە دووبارە دەکاتەوە کە خۆشیان لێ وەردەگرێ Repeating pleasurable actions).

- بەپێی بۆچوونی (پیاژێ) دەست مژینی منداڵ لە پێش لە دایك بوون یان لە رۆژانی سەرتای لە دایك بوون جیاوازی هەیە لەو دەست مژینەی کە لەو قۆناغە سەرهەڵدەدات کە پێیوایە ئەمەیان دەرکەوتنی رەفتارێکی نوێیە.
- لە قۆناغی (کاردانەوە بازنەییە سەرەکیەکان) هەریەك لە جیاوازی کردن Differentiation و لێکدان Integration وەك دوو پرۆسەی بیرکردنەوە سەرهەڵدەدەن.
- **<u>جیاوازی کردن Differentiation: بریتیە لە جیاوازی کردن و تێگەیشتن جۆری کردارەکان لە ژینگەکەیدا کە ئەنجامیان دەدات.</u>**
- **<u>لێکدان Integration: بریتیە لە کرداری بەدەست هێنان لە رێگای دەستەکانی.</u>**
- لە کۆتایی ئەو قۆناغە لاوەکیە (کاردانەوە بازنەییە سەرەکیەکان) منداڵ دەتوانێ ئاگایی بۆ ژینگەکەی خۆی هەبێت.

3. کاردانەوە بازنەییە لاوەکیەکان Secondary Circular Reactions (4 بۆ 8 مانگی):

○ (پیاژێ) لەو باوەڕەدابوو کە منداڵ لە نێوان تەمەنی (4 بۆ 8) مانگی ئاگایی بۆ ئەو شتانە پەیدا دەبێت کە ئەنجامیان دەدات (دووبارە کردنەوەی کردارەکان).

○ لەم قۆناغەدا منداڵ زیاتر حەز بە شتەکان دەکات، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو توانای ئەوەی هەیە جیاوازی بکات لە نێوان خۆی و شتەکانی دەوروبەری.

4. ڕێك و پێکی کاردانەوە لاوەکیەکان Coordination of secondary reactions (8 بۆ 12) مانگی:

○ ئەمە قۆناغی دەرکەوتنی تواناکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، وە بەپێی (پیاژێ) ئەمە توانایەکی خۆویستە (بۆ شتەکان و کەسەکان)، سەرەتای توانای چارەسەکردنی کێشەکانە.

○ وە منداڵێکی (9) مانگ لەوانەیە بتوانێ ئەو شتە بدۆزێتەوە کە لە ژێر بەتانی یان سەرینێکدا شاردراوبێتەوە، کە بەدەستێك سەرینەکە بەرزدەکات و بەدەستەکەی تریشی بۆی دەگەڕێ.

Alamy

Experimenting with objects, including dropping cups from one's high chair in order to watch them fall and bounce, is typical of Piaget's sensorimotor substage 5.

5. کاردانەوەی بازنەیی سێیی Tertiary Circular Reactions(12 بۆ 18مانگی):

○ لە نێوان تەمەنی (12 بۆ 18) مانگی بەپێی تواناکانی منداڵ زیاتر گەشە دەکات، وە ڕێگای نوێ بۆ چارەسەکردنی کێشەکان و دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە حەزی پێ دەکات.

○ لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵ دەدات کە لە سرووشتی شتەکان تێ بگات، بۆیە هەندێك کار ئەنجام دەدات مەبەستی زیاتر تێگەیشتنە لێیان.

○ منداڵ دەیەوێت لەڕێگەی (هەوڵدان و هەڵەکردن) ژینگەکەی تاقی بکاتەوە،

6. قۆناغی داهێنانی شێوازی نوێ (چارەسەرکردنی کێشەی هێمایی) Symbolic problem solving (18 بۆ 24 مانگی)

- دواهەمین قۆناغی لاوەکیە لە قۆناغی گەشەی هەستی، کە تیادا توانای هۆشی منداڵ زیاتر گەشەی کردووە لە رووی (یاریکردنی هێماکان Symbolic play و لاسایی کردنەوەی دواخراو deferred imitation).
- **<u>یاریکردنی هێماکان (Symbolic imitation) بریتیە لە بەکارهێنانی تەنێك بۆ مەبەستێك</u>**.
- **<u>لاسایی کردنەوەی دواخراو (deferred imitation) بریتیە لە دووبارە کردنەوەی ئەو کردەوانەی کات بەسەریاندا تێپەڕیوە</u>**.

At 22 months of age, Laura engages in deferred imitation, feeding her bears in imitation of how she was fed by her mother.

aura Dwight/Corbis

دووەم: قۆناغی پێش پرۆسە لۆژیکییەکان (2 – 7) ساڵی:

- لەم قۆناغەدا چەند گۆڕانکارییەک ڕوو دەدات، لەوانە:

1. گەشە کردنی زمان و فێربوونی هێماکان.
2. بەکارهێنان و تێگەیشتنی چەمکەکان، لە بری شتە هەستپێکراو و فیزیکییەکان.
3. زاڵبوونی دیاردەکانی گیان بەبەرداکردن و توانای دروستکردن.
4. خۆپەرستی و خۆییەتی زاڵدەبێت بەسەر بیرکردنەوەی مەنتیقیانە و گیانی هاوکاری و پێکەوە کارکردن و دیالۆگ.
5. قسەکردن لەسەر شێوازی مۆنۆژ و ئاراستەکردنی بۆ خودی خۆی، نەک بە مەنەستی دیالۆگ و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی تر.
6. سەرنەکەوتن لە لێکدانەوەی لۆژیکی (مەنتقی) بۆ دیاردە فیزیکییەکان.

- ئەم قۆناغەش بەسەر دوو قۆناغی بچووکتردا دابەش دەکات:

1- قۆناغی پێش چەمکەکان (2-4) ساڵی:

- ئەم قۆناغە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو چالاکیانەیە کە وشە و هێماکانی تێدا بەکاردەهێندرێت.
- واتە لەم قۆناغەدا ئەو بیروباوەڕە لای منداڵ دروست دەبێت کە هەندێک شت وشە و هێما و مانان بۆ هەندێک شتی تر و دەتوانرێت لەجیاتی ئەو بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێ.

2- قۆناغی ئیلهام – ئینتیوتیڤ Intuitive (7-4) ساڵی:

- مەبەست لە ئیلهام (حدس) ئەو جۆرە بیرکرنەوەیەیە کە راستەوخۆ و کت و پڕ بۆ زانینی دیاردەکان لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی پشت بە هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی و لێکدانەوە و شیتەڵکردنەوە ببەستێت.
- واتە منداڵ بەڵگەی زانستی و لۆژیکی بۆ سەلماندنی کار و بیرکردنەوەکانی پێ نییە.
- هەروەک منداڵ لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا گیان بەبەری هەموو شتێکدا دەکات. دواتر تەنیا گیان بەبەری ئەو شتانەدا دەکات کە دەجوڵێن.
- دیاردەی تەرکیزخستنە سەر خاڵێک لە کاتی بیرکردنەوەیاندا زاڵە بەسەریاندا و وردەکاری و لایەنەکانی تری دیاردەکە فەرامۆش دەکەن.

سێیەم: قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەست پێکراوەکان (7 – 11) ساڵی:

- لەم قۆناغەدا پرۆسەی بیرکردنەوەی منداڵ زۆر لۆژیکیە و لە توانایدایە بە بەڵگەی زانستی و لۆژیکی بەرگری لە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بکات.
- لە هەموو لایەک و گۆشەیەکەوە سەیری دیاردەو گرفتەکان دەکات و لە توانایدایە بە پێچەوانەشەوە بیریان لێ بکاتەوە.
- لە چوارچێوەی خۆپەرستی دەردەچێت و گیانی هاوکاری و دۆستایەتی تێیدا گەشە دەکات و زمانیشی ئاراستەی کەسانی تر دەکات.
- ناتوانێت بەشێوەیەکی لۆژیکی تەواو بیر لە بابەتە ڕووت و واتادارەکانی وەک، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراسی، راستگۆیی، ئازادی و ئەوانەی تر بکاتەوە.
- لەوە تێدەگات کەسانی تریش بیروڕای جیاوازیان هەیە و لەوانەیە بگەنە دەرئەنجامێک کە جیاوازبێت لەوەی ئەو پێیگەیشتووە.

چوارەم: قۆناغی پرۆسەی بیرکردنەوەی واتادار و ڕووت (11 – 15) ساڵی:

- ئەم قۆناغە دواین قۆناغی گەشەی عەقڵی مرۆڤ (هەرزەکار) دەبێت و لەڕووی چۆنێتی، لە دوای ئەم قۆناغە هەموو گۆڕانکارییەکانی تر چەندێتییە و تەنها بڕ و ڕێژەی زیرەکی زیاد دەکات.

ئایا منداڵ چۆن زانیاریەکان وەردەگرێ، وە خەزیان دەکات؟

- بەپێی بۆ چوون و روئیای (مۆدێلی پرۆسەی زانیاریەکان) میمۆری مرۆڤ وەك کۆمپیوتەر کار دەکات.



- سیستەمی وەرگرتنی زانیاری، سەرچاوەکەی لە ژینگەوەیە



یەکەم: وەرگرتنی زانیاری

- یەکەم پرۆسەی میمۆری بریتیە لە وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگای سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری و ناردنیان بۆ مێشکی مرۆڤ بە شێوەیەك کە مێشك بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەم پرۆسەیە پێی دەگوترێ (encoding).
- (encoding) بریتیە لە بەئەنجام گەیاندنی چەندین پرۆسەی جیاواز بۆ ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ بەدەستیان دێنێ، وە ئەو زانیاریانە دەگۆڕدرێن بۆ شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی گلدانەوەی مێشك (Bran's storage System) ئەمەش بۆ ئەوە مێشك قبوڵی بکات و بەکاریان بێنێ.

- لە پرۆسەی میمۆری (وەرگرتنی زانیاری، خەزنکردنی، وە گەڕانەوەی) زانیاری بوونی هەیە.
- سێ جۆر لە میمۆری هەیە کە مرۆڤ زانیاریەکانی تیایاندا خەزن دەکات، ئەوانیش:

1. میمۆری هەستی (لە چەند سانیەك تێپەڕناکات).
2. میمۆری کورت خایەن (چەند دەقەیەك یان کەمتر دەخایەنێ).
3. میمۆری درێژخایەن بۆ ماوەیەك درێژ لە بیرو زەینی مرۆڤدا دەمێنێتەوە.

- منداڵ زۆر جار کێشەی بۆ درووست دەبێ لە پڕۆسەی میمۆری بۆیە یان هەر زانیاریەکان ئینکۆد نەبوونە یان زانیاریەکان نەگەیشتوونەتە میمۆری درێژخایەن، یان زانیاریەکانی لە میمۆری درێژخایەن لەبیرکراون.
- دەروونزانانی گەشەی میمۆری دوو فاکتەریان دیاریکردووە کە هاوکاری منداڵ دەکەن بۆ سەرکەوتن لە پڕۆسەی میمۆری (ئینکۆدکردن، خەزن کردن، گەڕانەوە).

- فاکتەری یەکەم: زانیاری لەبارەی شتەکان، رووداوەکان و حاڵەتەکان کە داوای لێ دەکرێ میمۆری بکات.
- فاکتەری دووەم: یارمەتیدان و هاوکاری گەورەکان لە پرۆسەی بەبیرهێنانەوەی منداڵ.
  - لەگەڵ منداڵدا دایکان و باوکان پێویستە لەکاتی قسەکردندا لەگەڵیان (شێوازی گفتوگۆی درێژەپێدان) بەکاربێنن لەگەڵ منداڵەکانیان (کێ، لە کوێ، کەی، چی، بۆچی).

تیۆری پووکانەوە Decay theory بۆ لەبیرچوونەوە:

- کۆنترین تیۆرە بە لێکدانەوەی هۆکارەکانی لەبیرچوونەوە، کاتێك کە زانیاری نوێ وەردەگری، ئەو زانیاریە شێوەی خۆی لە ناوەندی خەزنکردنی زانیاریدا وەردەگرێ، ئەمەش شوێنەواری میمۆری (Memory trace) درووست دەکات، بەمەش گۆڕانکاری کیمیای لە مێشکدا رووودەدات.

- پووکانەوە روو دەدات بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ زانیاریەکانی بەکارنەهێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زانیاریەکان بەشێوەیەکی پلەبەندی لەبیربکرێن، میمۆری بۆ ئەو شتە کز دەبێت تا وای لێ دێت بەیەکجاری ئاسەواری ئەو زانیاریە دەسڕدرێتەوە.

پرسیار/ ئایا ئەم بۆچوونە بۆ روونکردنەوەی لەبیرچوونەوە کافیە؟ یان دەبێ هۆکاری تر هەبێت بۆ لە بیرچوونەوە؟

- توێژینەوەکان پێچەوانەی تیۆری پووکانەوەیان سەلماندووە بەوە کە مرۆڤ زانیاریەکانی بۆماوەیەکی زۆر زیاتر لە مێشکدا دەمێنێتەوە بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی ئەو تیۆرە، وە میمۆری پەیوەندی بە (ئاماژەکانی گەڕاندنەوە retrieval cues) هەیە کە بریتیە لەو وروژێنەرەی یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی زانیاریەکان لە میمۆری درێژخان بگەڕێنیەوە بۆ بیرو هۆشی خۆت.

تیۆری تێکەڵ بوون Interference theory

- لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە لەبیرچوونەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ بوونی زانیاریەکان، وە زانیاریەك جێگای زانیاریەی تر دەگرێتەوە، پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەرەوەی میممۆری.
- دوو جۆر لە تێکەڵ بوون هەیە، ئەوانیش:

1. تێکەڵبوونی پێشوەختە retroactive interference فێربوونی زانیاری نوێ کاریگەری لەسەر توانای بەبیر هاتنەوەی زانیاریە کۆنەکان درووست دەکات.
2. تێکەڵبوونی پاش وەختە proactive interference فێرووبنی زانیاریە کۆنەکان کاریگەری لەسەر توانای تاك درووست دەکەن و رێگری لێ دەکەن بۆ بەبیرهاتنەوەی زانیاریە نوێیەکان.

○ لە ئەنجامی توێژینەوەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێك جار لەبیرچوونەوە رووودەدات بەهۆی ئەوەی زانیاریەکان بەکارناهێنین (تیۆری پوکانەوە)، بەڵام تێکەڵبوونی زانیاریەکان بەهۆکاری سەرەکی لەبیرچوونەوە دانراوە.

بەڵام ئایا تێکەڵبوونی زانیاریەکان وادەکات زانیاریە لەبیرکراوەکان بەتەواوی لە میمۆری تاکدا بسڕدرێنەوە، یان تەنها کرداری گەڕاندنەوەی زانیاریەکان زەحمەت دەکات؟

ئایا هەموو ئەو زانیاریانەی لە میمۆری درێژخایەندا خەزن دەبن، تا کۆتایی ژیان ئەو زانیاریانە پارێزراو دەبن ئەگەر تەنانەت نەشتوانی جارێکی تر لە ژیانتدا بیانگەڕێنیەوە؟

تێبینی/ هەندێك جار خەڵکی دەڵێن، ئەو شتەمان لەبیرچۆتەوە، بەڵام ئەوە لەبیرچوونەوە نیە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا زانیاریەکە خەزن نەبووە لە میمۆری درێژخایەن، ئەمە پێی دەگوترێ (شکست هێنان لە ئینکۆدکردن).

پێکەوە

گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر

araz.rada@visitors.soran.edu.iq